


## واڵا



خەلیل پلانی

# بەڵێ بۆ لیستی ٥١ لیستە خەمخۆرەکەی خەڵك لە پەرلەمان

بەشداری کردن لەدەنگدان مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگایەو هەڵبژاردنیش وەك سەرەکیترین بنەمای دیموکراسیەت دێتە هەژمارکردن بۆ دەستاو دەستکردنی دەسەلات، لێ هۆشیاری تاکەکان لە دەنگدان گرنگیەکی تری ئەم پرۆسەیە بەدەردەخات، بۆیە پێویستە هاولاتیان دوور لە هەموو سوزو مەزاجو هزرو ئینتمایەکی حیزبیو ڕێکخراوەیی لە هەڵوێستو هەنگاوەکانو بەرنامەی لیستەکان وردبینەوەو ویژدانو بیری بێ لایەنانەیان بکەنە خالی بریاردانو دەنگەکانیان بەهەدەر نەدەنو دەنگ بەو لیستو کەسانە بدەن کەخەمخۆریانەو لەرابردوو خزمەتی زۆری کردوونو لەداهاتووش خزمەتی زیاتری خەڵكو دەڤەرەکەیان دەکەن.

ئەگەر لە هەڵوێستەکانی رابردووی سەرۆکی لیستی (٥١) وردبینەوە دەبینین هەمیشە هاوخەمو هاوسۆزو پالپشتی خەڵکی کوردستان بووە بە هەموو چینو توێژەکانیەوە، تەنیا بەیەك کورسی پەرلەمان توانیویەتی کاریگەری خۆی هەبێت لە بەرگریکردن لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بەگشتیو خەڵکی دەڤەری مەخموور بەتایبەتی، چ لەڕووی دەنگ هەڵبڕین لەسەر کەموکوڕییەکانو چ لەڕووی ئەو یاسایانەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت یەکی نەدەگرتەوەو چ لەڕووی خزمەتگوزاریو ئاوەدانکردنەوەو دامەزراندنو کرێی خانووبەرەو بژێوی ژیانی خەڵكو بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتی بەعەرەبکردنی کوردستانو گەڕانەوەی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستان، خاوەن هەڵوێستی نەتەوەییو کوردایەتی خۆی بووە، ئەمە جگە لەوەی وەك شاهیدێك لە دژی سەرانی سەر بە رژێمی بەعسی رووخاو بەڵگەو دیکۆمێنتی لەسەر راگواستنی زۆرەملێو تەبعیسو تەعریبی کوردستان کۆکردۆتەوەو لە دادگای بالای تاوانەکان بەڕووی تاوانبارانو دادگادا خستیەڕوو، بۆ ئەوەی مافی خەڵکی ئەو ناوچانە نەفەوتێو تاوانبارانیش بەسزای یاسایی خۆیان بگەیەنرێن.

یەکێ لە بەرنامەی کاری لیستی (٥١) بۆ داهاتوو جیاکردنەوەی حیزبو حکومەت لەیەکتری، بەشێوەیەك حیزب حیزبایەتی خۆی بکاتو حکومەتیش حکومەتایەتی خۆی بکات، بەم شێوە هەر هاولاتییەك جا هەر ئینتمایەکی هزری هەبێت هەست بکات حکومەت حکومەتی ئەو و هەموو خەڵکی کوردستانە، نەك تەزکیەی حیزبی هۆکارێکی ئەکتیف بێت بۆ ناساندنی خەڵك بە حکومەتو پێدانی ئیمتیازاتەکان، جا چ لەڕووی دامەزراندن بێت یا لەهەر ڕوویەکی تر، بۆیە بەدەنگدان بەلیستی (٥١) دوارۆژێکی پرشنگدارو پەرلەمانێکی کاراو حکومەتێکی بێ لایەنو خزمەتگوزار مسۆگەر دەکەیت، باپێکەوە هەموومان دەنگ بەلیستی (٥١) لیستی خەڵکی کوردستان بدەین.

# لێدوانی هونەری

**ئەیاد حوسێن:** کاری هونەری لەکوردستاندا هیچ سانسۆرێکی لەسەر نییە.

**عەزیز وەیسی:** گوتنی گۆرانی بۆ لیستی کوردستانی لەسەر داواکاری هیچ کەسو لایەنێك نەبووە.

**ئاراس تەماتە:** هەر خۆشەویستەو تامو چێژی خۆی هەیە.

**ئەژدەر وەهبی:** بۆ دوو کۆنسێرت لەهەولێرو سلێمانی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بڕی ٢٠٠ هەزار دۆلارم رەتکردۆوە.

**سابیر کوردستانی:** لەبەر بێ پارەیی چەند سالێکە بێدەنگمو بەرهەمم نییە.

## حەیرانێك بە یادی جاران

(حەیران ئەمن ئەورۆکە بەوێی دانی سبیانێ
چەندم گازدەکرد حەیران حەیرانە
حەیران لەدێدا
ئەمن مەمکێ نازدار حەیرانەکەی خۆم دەشپانندەوە
بەجۆتە سێوی سۆری سەر بە کوریکۆکەلەناو باغێدا
ئەوجە کیژ دەرێ کورە تیمە لاوە ئەوە سەرێ
چەند سارانە سینگو مەمکێ خۆم
لۆ تو کردیتەوە دۆشەكو بالیف
توخوا کورەتیم ئەتو ئەوشۆکە وەرەوە
جێی ژوانێ دەمەکێ پارێ خۆ پێدە)

لەنووسینی (عەبدولرەزاق مەرزانی)



هەندێك جار ئاوی مەخموور بەم شێوەیە دەڕوات بۆ ماڵەکان (فۆتۆ: دەنگی مەخموور)

سارای شاعیر:

# ئافرەتو کچی بەتوانامان هەیە، بەڵام لەبری دەستخۆشی کەسانێك هەن نەفرەتیان لێدەکەن

(ئامینە محەمەد حەسەن ئەحمەد پالانی) ناسراو بە (سارای شاعیر)، سالی ١٩٨٠ لەدایکبووە، قۆناغی سەرەتایی لەمەخموور تەواو کردووە، لەمنداڵیدا حەزی لە شیعر نووسینو نیگار کێشان کردووە، بەرهەمەکانی (ئیسماعیل کوێستانیو مامۆستا ئاوارەو شەهید سەرهەنگ) کاریگەری تەواویان بەسەر بەهرەکانی سارا کردووە، دوای شەهیدبوونی (سەرهەنگ)ی برای لەسالی ١٩٩٨ دەستی داوەتە شیعر نوسین، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی خوێنەران ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ سازدا.

**دیمانە: هەڵمەت فاخیر**



*** سارا تا چەند لەلایەن خانەوادەکەیەوە ڕێگەی پێدراوە شیعر بنووسێت؟**

- ئەگەر یارمەتی بنەماڵەکەم نەبووایە من شاعیرێکی نەناسراو بووم، بۆیە تامردن خۆم بە قەرزاری بنەماڵەکەم دەزانم بە تایبەتی باوکم کە زۆر هاندەرمە هەروەها زۆر سوپاسی باوکی عەبدوللا دەکەم چونکە لەوکاتەی دەستم بەشیعر نوسین کردووە، ئەو لەسەرجەم پێداویستیەکانم هاوکارم بووە.

*** دەکرێ بزانین ناوەڕۆکی شیعرەکانت گوزارشت لەچی دەکەن؟**

- شیعرەکانم گوزارشت لە هەموو شتە بەرچاوەکان دەکەن، بەتایبەتی (نیشتمان پەروەریو کۆمەلایەتی).

*** لە چەند کۆڕی شیعر خوێندنەوە بەشداریت کردووە؟**

- لە ٢٠٠٨/٣/١٧ بەشداری یەکەمین فیستڤالی شیعر خوێندنەوەم کرد کە لەلایەن (سەنتەری رۆشنبیری مەخموور) ساز کرا، هەر لەم فیستیڤالەدا خەلات کرام، لە ٢٠٠٨/١٢/٣١ بەشداری یەکەمین فیستیڤالی رۆشنیریو هونەریم کرد کە لەلایەن (سەنتەری رۆشنبیریو هونەری قەرەچووغ) بەڕێوەچوو، بڕگەیەکی ڤیستیڤالەکە تایبەت بوو بەشیعر خوێندنەوە من یەکێك بووم لەشاعیرانی بەشداربوو لەمەشدا خەلات کرام.

*** ئافرەتان لەبواری رۆشنبیری لەم دەڤەرە دوورە پەرێزن، ئەمە بەلای تۆ هۆکاری چییە؟**

- من دەتوانم ئەمە بسەلمێنم کە ئافرەتو کچی بەتوانا لەدەڤەرەکەمان هەیە کەبەهرەی باشیان لەبواری رۆشنبیریو هونەری هەیە، بەلام ناتوانن بەهرەو تواناکانیان نمایش بکەن، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەسانێك هەن لەبری ئەوەی دەستخۆشیان لێ بکەن، نەفرەتیان لێدەکەنو بەچاوێکی سوك سەیریان دەکەن، هۆکاری تریش کە کاریگەری هەیە لەبواری رۆشنبیریو هونەری ئەویش باوکسالاریو برا سالارییە.

*** سەنتەرە رۆشنبیرییەکان تا چ رادەیەك توانیویانە خزمەت بەبواری رۆشنبیریو هونەری لەمەخموور بکەن؟**

- ئەگەر بەراوردێك لەنێوان سەردەمی جەورو ستەمو سەردەمی ئازادی بکەین، دەتوانم بڵیم سەنتەرە رۆشنبیرییەکان تارادەیەکی زۆر توانیویانە خزمەت بەبواری رۆشنبیریو هونەری بکەن لەدەڤەرەکە، هیوادارم مەخووریش وەك شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بە نوسەرو شاعیرو ئەدیبو رۆشنبیر بەناوبانگ بێت.

*** کێ بەهاندەرو یارمەتیدەری خۆت دەزانیت؟**

- سوپاسی جەماوەر دەکەم کەهەمیشە بەهاندەری خۆمیان دەزانم، هەروەها سوپاسی (بارزان سید کاکە) قایمقامی مەخموور دەکەم هەروەها سوپاس بۆ رۆشنبیرانی مەخموور کە هەمیشە دەستخۆشی لەبەرهەمەکانم دەکەن،سوپاسی رۆشنبیرو نوسەری ناسراو (م.مەحموود زامدار) دەکەم کە لەگەڵم ماندوو بووە، هەروەها سوپاس بۆ هونەرمەندان (سلێمان قەرەچوغی)و (ئیسماعیل ئاکۆیی)و (م.ئاوارە مەخووری) کە هەمیشە یارمەتیدەرو هاندەرمن.